
# فۆتۆشۆپ بوو بە 20 ساڵە




فۆتۆشـۆپ یەکێکە لــە گەورەترین و بە تواناترین پرۆگرامەکانــی تایبەت بە ئەرکی فۆتۆگرافی و وێنــە و دیزاین. لەم ڕۆژانەدا تەمەنی ئەو پرۆگرامە بوو بە 20 ساڵ. لەو ماوەی ئەو دوو دەیەدا پرۆگرامی فۆتۆشۆپ توانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە جیهانی وێنە و گرافیکدا پێك بێنێ، هەرچەندە بەداخەوە لە زۆر بواریشدا راستەقینە بەراوەژوو نیشان دەدا. زۆربەی ئەوانەی کاری فۆتۆگرافی دەکەن و هەروەها دیزاینەر و بیناسازانی پیشەیی سوود لەو پرۆگرامە وەردەگــرن. یەکەمین ڤێرژنی فۆتۆشۆپ کە بەرهەمی کۆمپانیای ئەپڵە لە ساڵی 1990دا بڵاوبوویەوە، بەڵام لەراستیدا بەرلــەو ڤێرژنەش یەکەمیــن ڤێرژنی بەناوی Display لەلایەن "توماس نال"ەوە لەساڵی 1987 هاتەبەرهەم. بەڵام پرۆگرامی Display تەنیا دەیتوانی گۆڕانکاری لە وێنەی ڕەش و ســپیدا پێك بێنێ. لە ماوەی ئەو 20 ساڵەدا تا ئێستا 12 ڤێرژنی لێ بڵاوبۆتەوە، فۆتۆشۆپ لە جیهانی فۆتۆگرافیدا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە، بەڵام بەداخەوە لە زۆرشوێندا لێکجیاکردنەوەی سنووری راستی و ناڕاستی وێنەکان زۆر دژوارە.

# سێجاکانی کۆمپانیای ئەنتەل

لە پیشــانگای تەکنەلۆژیای ســاڵانەدا، کۆمپانیــای ئەنتــەل داهێنانێکــی نوێی بە جیهانــی تەکنەلۆژیــاوە زیاد کــرد، ئەویش شاشەیەکی لەمسی بوو، سایزی ئەم شاشەیە یەك مەتری چوار گۆشە بوو. لەو شاشەیەدا زیاتر لە 500 تەنی سێجایی دەبیندرێن، هەر سێجایەك تایبەتە بە کردارێکی ئینتەرنێت. بە دەســت دانان لەسەر هەر سێجایەك بە ئاسانی گەورە دەبێتەوە و دەتوانی سوودی لێ ببینی. ڕەنگە لاتان سەیر بێ کە توانا تەکنەلۆژییەکییە ئەو شاشە لەمسییە لەکوێیوە سەرچاوە دەگرێ، لە وەڵامدا دەڵێین کۆمپیوتەرێکی ســادە کە تەنیا CPUیەکی کۆمپانیای ئەنتەل بەناوی Corei7ی لەسەرە.






# مێزێک گشت شاحینەکان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە

گرفتێکــی ســەرەکی ئــەو ئامێرە تەکنەلۆژیانــەی کە ئێســتا جیهانیان تەنیوەتــەوە ئەوەیە کە گشــتیان دەبێ شەحن بکرێنەوە، وەك مۆبایل، لاپتۆپ، mp3player، ipod و چەندیــن ئامێری دیکــە. هەرکام لەو ئامێرانەش شــەحنکەرەوەی تایبــەت بەخــۆی پێویســتە، چونکە شەحنکەرەوەی هیچ ئامێرێــك بۆ ئامێرێکــی دیکە نابێت. بۆ کەمکردنەوەی کێشەی شەحن کردن لەو ئامێرانەدا کۆمپانیایەك ئامێرێکی بەرهەمهێنــاوە کە لە شــێوەی مێزێك دەچێت، ئەو ئامێرە بە Messless ناســراوە. بەهۆی ئەو ئامێرەوە زۆر بە ئاســانی دەتوانی ئامێرەکەی خۆت کە پێویستی بە شەحنکردنەوە هەیە لەسەر ئەو مێزە دابنێی و بە ئاســانی شەحنی بکەیەوە.

لەم...

زۆرجــاران کە ئێمێلەکــەت دەکەیەوە، ســندوقی ئیمێلەکانت پڕە لــە ئیمێلی نەخــوازراو، واتــە "SPAM"ەکان. ســپامەکان یــان ئیمێلە نەخــوازراوەکان لەلایەن چەنــد هاککەرێك یان کۆمەڵێك کەس کە ئەرکیان سیخوڕی و دزینی داتا و تێکدانی کۆمپیوتەرە، بەڕێ دەکرێن. لەم



# ـــــەولا ئیمێلە نەخوازراوەکان نامێنن

دواییانەدا کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ئیزنی لـــە دادگا وەرگرتووە کە تۆڕێکی جیهانی لـــەکار بخات، کە بە رای مایکرۆســـۆفت ئەو تۆڕە بەرپرســـە لە بەڕێکردنی یەك و نیوملیارد ئیمیلی نەخوازراو لەرۆژێکدا.

شـــایانی ئامـــاژە پێدانـــە ئـــەم تۆڕە جیهانییە لە ژێرکۆنترۆڵی هاککەرەکاندایە. مایکرۆسۆفت لەگەڵ ئەوەشدا رایدەگەیەنێ کە راستە ئەو تۆڕە دادەخات، بەڵام هێشتاکە هەزاران کۆمپیوتەر لە جیهاندا هەیە تووشی ڤایرۆڵس بوونە.

بۆیـــە داوا لە بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر دەکات لە پرۆگرامی دژە ڤایرۆس ســـوود وەربگرن.

# بەبێ مەترسی درایڤەکانی USB لە کۆمپیوتەر دەربێنە

پۆرتـــی USB یـــان بەواتایەکی دیکە ئەو کەلێنەی کە لە کۆمپیوتـــەردا هەیە بۆ دانانـــی ئامێـــرە لاوەکییەکان، وەك ماوس، فلاش میمۆری، کامێرای فۆتۆگراف، سکاینەر، مۆبایل...هتـــد زۆر گرنگە، بـــەڵام زۆر لـــە ئێمـــە کاتێك یەکێك لە ئامێـــرەکان بەهۆی پۆرتی USBیـــەوە دەخەینە ســـەر کۆمپیوتـــەر، دواتر بێ ئەوەی کە بزانین چەندە زیان بە ئامێرەکەمان دەگات، ئامێرەکە لـــە کۆمپیوتەر رادەکێشـــینە دەرەوە. راکێشـــانی فلاش میمۆری یان هەر ئامێرێکی دیکە




وەك ئەوە وایە ســـەیارەیەك لە خێرایی ســـەد کیلۆمەتردابێ، یەکســـەر بەبێ ســـتاپ کردن بیکوژێنیەوە، ئەوکاتە سەیارەکە ئەگەر تێـــك نەچێت، زیانێکی زۆری پێـــدەگات، دەرهێنانی راســـتەوخۆی ئامێرەکانیش لە کۆمپیوتـــەر بەم چەشـــنەیە. بەمەبەســـتی دەرهێنانـــی ئامێـــرەکان بەبـــێ گرفـــت پرۆگرامی USB Safe-ly remove باشـــترین پرۆگرامـــە، تەنیا بە داگرتنی کلیکێك کرداری پەیوەندییەکە دەپچڕێنێ، ئەوکات بەبێ گرفت ئامێرەکە دەردێنی.

# هاندێک پێشبینی کەشوهەوا دەکات






لەلایەن شـــارەزایەکی بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم لە ژاپۆندا، هاندێکی مۆبایل هاتە بەرهەم کە دەتوانی پێشـــبینی کەشـــوهەوا بـــکات. ئەو هانـــدە کە بـــە Windows phone ناســـراوە، لە پیشـــانگای نێونەتەوەیی باشترین دیزاین دا بـــە یەکەم دەرچوو. بەهۆی ئەو هاندەوە دەتوانی پێشـــبینی ئاوهەوای شـــوێنی ژیانت بکەی. شاشە شووشەیەکەی ئەم هاندە گۆڕانکاری لە کەشوهەوادا نیشان دەدات.

بەکارهێنەر دەتوانێ لەو کاتانەی کە کەشـــوهەوا لەبارە، لەسەر هاندەکە وێنە بکێشێتەوە یان کورتەپەیام تایـــپ بـــکات. هاندەکە لە ئاســـت گۆڕانکاری کەشوهەوای ناوچەدا هەستیارە و خۆی ئۆتۆماتیکی رەنگی خۆی دەگۆڕێ.